# ملیارەها دۆلار داهاتی ساڵانەی سێکسی ئەلیکترۆنییە

ڕێبوار کەریم



دەستکەوتنی پارە لەڕێگەی سێکسی ئەلکترۆنییەوە بۆتە سەرچاوەیەکی پڕ داهات و لەئەمەریکا ساڵانە بڕی داهاتەکەی دەگاتە ١٠-١٥ ملیار دۆلار و بۆتە جۆرێک پیشە و چەندین کۆمپانیای جیهانی بەشدارن لە برەوپێدانی ئەم پیشەیەدا.

ئەم کۆمپانیایانە چەندین پێشانگای برەوپێدان و سەنتەری لێکۆڵینەوەیان هەیە بۆ گەرمکردنی بازاڕیان، هەرهەموویان هاوکاری یەکتردەکەن بۆ ڕێگەگرتن وپەکخستنی هەر یاسایەک ئەگەر لە دژی بەرژەوەندییەکانییان دەربچێت، دیارە ئامرازی ئەم بازرگانییە پڕ شەرمهێنەرەیان تۆڕی ئێنتەرنیتە و کاڵاکانیشیان زۆربەیان منداڵانی تەمەن کەمتر لە ١٥ ساڵانە.

داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هۆشداریان بە حکومەتەکان و ڕای گشتی داوە کە مرۆڤایەتی لەبەردەم مەترسی شێوازێکی نوێی تاوانکاری ڕێکخراودایە، هەموو لایەکیان لەوە ئاگادارکردۆتەوە چەندین باندی مافیا هەن و لەبواری تاوانکاریدا خاوەن ئەزموونن و شارەزان و هەڵدەستن بە پاوانکردنی منداڵان و تەنانەت ڕفاندنیشیان بۆ بەکارهێنانیان لەبەرهەمهێنانی فیلمی سێکسیدا و فرۆشتنەوەی ئەو فیلمانە لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە.

ئەم چاودێرانە روونی دەکەنەوە پێگەی رووسی فیلمە سێکسیە بەرهەمهێنراوەکانی بە ٨٩ دۆلاری ئەمەریکی دەفرۆشێتە سەردانیکەرانی و ئەگەر لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا ٢٣٦٠ کەس سەردانی ئەم پێگەیان کردبێت ئەوا داهاتەکەی دەگاتە زیاتر لە ٢٠٠ هەزار دۆلار، ٥١٪ ئەو پێگانە لە ئەمەریکا کاردەکەن و ٢٠٪ یان لە رووسیان.

ئەم باندانە چەندین پرۆگرامی پێشکەوتوویان سازکردووە بۆ ریکلام کردن بۆخۆیان بەمەبەستی ئەوەی منداڵان بخەنە داو و پاوانیان بکەن و لە هەمانکاتدا کریاری زیاتر بۆ کاڵاکانیان بدۆزنەوە ، بەتایبەتی پرۆگرامی چەتەگەری ئەسپی تەروادە بەکاردێنن بۆ دزە کردنە نێو ئامێرەکانی کۆمپیوتەر بەتایبەتی ئەوانەی هیچ پرۆگرامێکی دژە سیخوریان بۆ دانەنراوە وبەئاسانی دەتوان دزەی بکەنە ناو و چەندین دیمەنی سێکسی تیا بەجێبێڵن و سەرنجی بەکارهێنەر بۆ پێگەکەیان رابکێشن.

لەم حاڵەتەدا منداڵان بەرێژەیەکی زیاتر دەکەونە نێو تەڵەی ئەم باندانە، بەگوێرەی لێتوێژینەوەیەک کە لە لایەن کۆمپانیای (nielsen netratings) لە ئەورووپا ئەنجامدراوە دەرکەوتووە لە ٢٥٪ ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە نێوان ١٢-١٦ ساڵیدایە و ئینتەرنێت بەکاردێنن، لەماوەی یەک مانگدا زیاتر لەجارێک ئەو دیمەنە سێکسیانە دەبینن و لە بەریتانیا لەهەر ١٠ منداڵ ٦ یان بەرێکەوت ئەو دیمەنە سێکسییانە دەبینن کەلەلایەن ئەو باندانەوە بۆیان نێردراوە.

لەسەرئاستی حکومەتەکانیش تا ئێستا بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر ئەم پێگانە کە هەندێکیان پێیانوایە ئەمە دەچێتە بواری ئازادی تاکە کەسییەوە ناکرێت چاودێری بکرێن یاخوود بلۆک بکرێن.

لە ساڵی ٢٠٠٦ دا ئاشکرابوونی دەستی تێکەڵاوی پێگەیەکی رووسی لەگەڵ کۆمپانیایەکی نەمسایی لەهەموو ئەورووپا نارەزاییەکی توندی لێکەوتەوەو لەلایەن پۆلیسەوە کۆمپانیاکە ناچارکرا ئەم پێگەیە دابخات.

لەم پێگەیەدا دیمەنی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵانی تەمەن کەمتر لە ١٤ ساڵ بڵاودەکرایەوەو بەر لەداخستنی لەماوەی هەر ٢٤ سەعاتدا بەلای کەمەوە لە ٧٧ وڵاتی جیهاندا ٢٣٦٠ کەس سەردانی ئەم پێگەیەیان کردبوو.

دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت دیمەنی دەستدرێژییەکان لە یەکێک لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات تۆمارکراون، ئەم دەستە تێکەڵاویەش لەلایەن کارمەندێکی ئەو کۆمپا نیا نەمساییەوە پۆلیسی لێ ئاگادار کرایەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٧دا قازییەکی ئەمەریکی یاسایەکی پوچەڵ کردەوە بۆ پاراستن و رێگری کردن لەو کەسانەی تەمەنیان لە١٨ساڵ کەمترە تانەتوانن بچنە نێو ئەو پێگانەی دیمەنی سێکسی بڵاودەکەنەوە، پاساوی ئەم قازییە ئەوە بوو ئەم یاسایە هیچ کاریگەرییەکی نابێت و ناتوانرێت جێبەجێبکرێت، بەڵکو بەکارهێنانی پرۆگرامی چاودێریکردنی پێگەکان (filtering software) لەلایەن دایک و باوکانەوە کاریگەری زیاتری هەیە لەم یاسایە و بە گوێرەی ئەم یاسایە خاوەنی ئەم پێگانە بەبری ٥٠ هەزار دۆلار و شەش مانگ زیندانیکردن سزا دەدران ئەگەر لەلایەن دادگاوە ئیدانە کرابان بەوەی رێگایان بە کەسانی تەمەن کەمتر لە ١٨ ساڵ داوە سەردانی پێگەکانیان بکەن.

بەر لە پوچەڵ کردنەوەی یاساکە لەلایەن ئەو گرووپانەی داکۆکی لە ئازادی تاکەکەسی دەکەن نارەزایی زۆر زۆر دەربردرا و لەکاتی پوچەڵ کردنەوەشی بە هەمان شێوە لەلایەن دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی رەخنەی زۆری لێگیرا بەڵام پاساوی پوچەڵکردنەوەی زیاتربوون لە پاساوی کارپێکردنی.

*سەرچاوە: ئینتەرنێت*